# چاوەدێریی ساڵمەندان بۆ هەمووان

ڕۆژی هەڵبژاردن ١٧ سێپتەمبەر (٢٦ گەلاوێژ) بڕیار لەسەر ئاییندەی سوێد دەدرێت و ئەوە من و تۆین کە هەڵدەبژێرین. ئێمە هەموومان هەمان بەرپرسیاریمان هەیە، دەنگەکانمان هاوسەنگن. ئایا سیستەمی خۆشگوزەرانیی باشتر بکەین یان لەو ڕێگایەوە کە هەر پێنجهەمین کرۆنێکی باج لە خەزنە هاوبەشەکە لاببەین، خراپتری بکەین؟

سوێد وڵاتێکی باشە بۆ ژیان و تێدا پیربوون – درێژیی تەمەن لێرە لە هەرە درێژەکانە لە جیهاندا. ئەوە بەڵگەیەکە بۆ خۆشگوزەرانیی، هەنگاوەچارە ئاگاییەکانمان لەسەر خۆشگوزەرانیی بۆ هەمووان سەرەنجامی بەخشیوە. ئێستا ئێمە بەردەوام دەبین لەسەری. وا ئێستا ئەو چاوەدێریی ساڵمەندانەی ئەمڕۆ کە هەیە بەرفراوانتر دەکەین. ئێمە دەمانەوێت کە دەوڵەت، لاندستینگ و شارەوانیەکان پێکەوە کار بکەن بۆ ئەوەی بگەنە ئەو ئامانجەی کە سوێد ببێت بە باشترین وڵاتی جیهان بۆ تیایدا پیربوون.

گرەوکردن لەسەر چاوەدێریی ساڵمەندان ئیدی دەستی پێ کردووە. ئێمە بەرزترین نرخمان (maxtaxa) خستووەتە کار لە چاوەدێریی ساڵمەنداندا. بۆ کەسانی بەتەمەنتر لە ٦٥ ساڵ پارێزەیەکی نرخی بەرز (högkostnadsskydd) لە ددانسازییدا هەیە. شارەوانیەکان و لاندستینگەکان کەرەستەی (پارە) زیاتریان پێ دراوە کە بارودۆخی باشتر بسازێنن لە چاوەدێریی ساڵمەندان و چاوەدێریی تەندروستییدا. تێڕوانین لە چاوەدێریی ساڵمەنداندا بەهێزتر کراوە. کۆمەك بۆ خزم و کەسوکاران و بۆ ڕێکخراوانی دڵخواز لە ساڵی ٢٠٠٦ دا چوار بەرابەر کراوە.

**کارمەندان بناخەن بۆ چاوەدێرییەکی باشی ساڵمەندان**

کاری کارمەندانی چاوەدێری ساڵمەندان زیاتر ئاڵۆز و زۆرتر بووە وەك لە جاران. ئەمڕۆ ئەو کارمەندانە ڕووبەڕووی ساڵمەندانێکی زۆرتر بە نەخۆشی فەرامۆشی و بە زمانی دایکەوە کە سوێدی نییە، دەبنەوە. لەبەرئەوەی کە کارمەندان پێویستیانە ئەوا هەلی باشتریان دەدرێتێ بۆ زێدەفێربوون بۆ ئەوەی سیستەمێکی توانست لەسەر ئاستی نەتەوەیی پێشبخرێت و ئاستێکی هەرەنزمترین لە توانست کە یاسا بیگرێتە خۆی، لە لێتوێژینەوەدایە.

هەنگاوە توانستیەکان گرەوێکی گرینگە بۆ چاوەدێریی و تیمارسازیی بەساڵداچووان. ئەمە بەو مانایە دێت کە نێزیکەی یەك (١) ملیارد کرۆن بۆ ئەوە دەبێت کە لە ماوەی سێ (٣) ساڵدا توانستی کارمەندان باشتر

بکرێت. لە ناو ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ دا هەلی زیاتر دەدرێت بۆ دامەزراندن لە ناو کەرتی شارەوانیدا. ئەو دامەزراندنانە بۆ ئەوە بەکار دەهێنرێن کە چۆنایەتی باشتر بکرێت و ئەمەش لە قازانجی بنکەی تەندروستی و چاوەدێرییشدایە. شارەوانییەکان بێلەوە هەروەها ئەو هەلەیشیان پێ دراوە کە خەڵکانی لە مێژ بێکار دابمەزرێنن بۆ ئەوەی چۆنایەتی لە خزمەتگوزاریی ماڵ (hemtjänsten) و لە کاروباری چاوەدێرییدا بەرزبکەنەوە.

## سوێد دەبێت ببێت بە باشترین وڵاتی جیهان بۆ تیایدا پیربوون

لەو دە ساڵەی داهاتوودا ئاستی هەنگاوەچارەکانی ساڵمەندێتی بە دە (١٠) ملیارد کرۆن زیاتر دەکرێت بۆ ئەوەی چاوەدێریی لە هەموو وڵاتدا پێش بخرێت. پلانی پێشخستنی نەتەوەیی بۆ چاوەدێریی ساڵمەندان هەموو لایەنێك دەگرێتە خۆی بۆ ئەوەی کەرتی تیمارسازیی و چاوەدێریی بۆ زۆربەی نەخۆشان باشتر بکرێت و دڵنیایی لە خانەوادەی ژیانکردندا بۆ پیران فەراهەم بکرێت و چاوەدێریی کۆمەڵایەتی و کاری پێشگرتن لە خراپبوون باشتر بکرێت. لەو پاکەتی هەنگاوەچارەیەدا کۆمەڵێکی زۆر پێشنیار هەن.

ئێمە بێ لە کۆمەڵێك شت دەمانەوێت دامەزراندنی خانووبەرەی تایبەتی وەگەڕ بخەین، تیمارسازیی لە ناو ماڵدا باشتر بکەین بە ئامادەبوونی زیاتری دکتۆرەوە و هەنگاوەچارەکان لەسەر کارمەندان باشتر بکەین. ئێمە هەروەها دەمانەوێت توانست لەسەر نەخۆشی فەرامۆشیی بەرزتر بکەین و جۆش بە کاری دڵخوازانە، بە بنکەی خزمەتگوزاریی دۆستان و بە دامەزراندنی هۆڵی هاوبەشی پێکەوەبوون، بدەین. هەروەها هەڵسەنگاندنی دانی کۆمەك لەسەرانسەری وڵاتدا زیاتر یەکسان بکەین و هەل و شیاوکاری بە شارەوانیەکان بدەین کە کاری خزمەتگوزاریی بێ بوونی مۆڵەتی پێشوەخت بە پیران بدەن.

## بەدیل (ئەڵتەرناتیف)

دژ بە سیاسەتی سۆشیالدیموکراتەکان لەسەر هەنگاوەچارە لە چاوەدێریی ساڵمەنداندا مۆدێراتەکان و ئەو هاوپەیمانێتیەی بەرەی ڕاست وەستاوە کە مۆدێراتەکان ڕابەرایەتی دەکەن . ئەوان دەیانەوێت خەرجیەکانی دەرمان و سەردانی دکتۆر زیاتر بەرز بکەنەوە و دەرمان لە سیستەمی خاترگرتندا لاببەن. بێلەوەش ئەوان دەیانەوێت ئەوی کە زووخانەنشینە مووچەی خانەنشینی کەمتر لە درێژایی ژیانیدا وەربگرێت. ئەمەش لەو ڕێگایەوە کە دەیانەوێت زۆر بە توندی ئەو بناخەیە خراپ بکەن کە بووە بە بنچینە بۆ ژماردنی مووچەی خانەنشینی.

لە سوێدی مۆدێراتەکاندا حیسابی باج دەخرێتە پێش چۆنایەتی سیستەمی خۆشگوزەرانیەوە. مرۆڤی بەساڵداچوو پێویستی بە چاوەدێریی تەندروستی زیاتر هەیە و بەو شێوەیەش زیاتر دووچار دەبێت کاتێك کە خەرجیەکان بەرز بن هەم بۆ دەرمان و هەم بۆ سەردانی نەخۆشخانەش.

مۆدێراتەکان و بەرەی ڕاست دەیانەوێت وردەوردە باج کەم بکەنەوە تا ئاستی ئورووپا. ئەمە بە مانای کەمکردنەوە دێت بە نێزیکەی ٢٥٠ ملیارد

دەتەوێت ببیت بە ئەندام یان زیاتر بزانیت، سەردانی socialdemokraterna.se بکە یان تەلەفۆن بۆ ژمارە 27 27 700 -08 بکە

کرۆن لەو خەزێنە هاوبەشەمان کە هەمانە و ئەمەش ڕووبەڕووی پیرانی وڵات دەبێتەوە. ئەمە دەبێتە مایەی دروستبوونی سوێدێکی تەواو جیاوازتر – لەوێدا کە ئەوی تیمارسازیی و چاوەدێریی لە خەزانی تەمەندا پێویست بێت ناچار دەکرێت کە لە گیرفانی خۆی پارە بدات یان بکەوێتە دەست کەسوکارانی خۆقوربانکار.

**لە سوێدی ئێمەدا دەبێت هەموان لەگەڵدا بن. تۆ چ سوێدێک هەڵدەبژێریت؟**